

# ئازار

منیره فەیزە
(بۆکان)

- ئەو پڕخەپڕخەی ئەمشەوت نەیهێشت بخەوم.
- خەتای ئەو باڵنجەیە ملم ڕەق بووە، دەبێ بیگۆڕم.

جێگاوبانەکـەم کۆکـردەوە، سـفرەم ڕاخسـت. دەسـتم دایـە دوو هێلکـە، ئـارد و ماسـت، خەریکـی قەیمـاغ بـووم.

لە مەتبەخەوە هەرام کرد:

- دەزانی هیوا قەیماغی پێ خۆشە؟
- تۆش ڕۆژ دەبێتەوە هەر باسی هیوایە.

ئـەو ڕۆژە تاقەتـی مشـتومڕم نەبـوو. بەئەنقەسـت کۆنتڕۆڵـی تەلەڤزیۆنەکـەم هێنـا و خسـتمە نـاو دەسـتی.

- تا چایەک دێنم، بیخە کەناڵێک، بڕێک گۆرانی بڵێ، بەخوا دڵم زۆر خەفەیە.
- ئـەرێ ئـەو مەراسـیمەی ئـەم شـەو چـی بـوو؟ زۆر مانـدووی کـردم، ئـەوە حەوتـە بـوو، یـان مەولـوودی؟
- چی بکەن؟ ئەو زەمانە کێ دڵی خۆشە؟ هەرچی جەوانە لەدەست چوون.

گەڕامـەوە مەتبـەخ و لەبـەر خۆمـەوە بـە نزمـی گوتـم: هـەر ئـەم شـەویش لـەو مەراسـیمە نازانـم بـۆ ئەوەنـدە دڵتەنـگ بـووم؟

– حەبی گوشارەکەت بخۆ، لە بیرت نەچێ.

– تۆش هەر بڵێم جێگەیەکم دێشێ حەب حەبم لێ دادەنێی.

بەپەلە برێکم وایتێکس کردە نێو لیوانێک بۆ ئەوەی دوایی ئیستیکانەکانی پێ بشۆم.

نازانم ئەو بەیانییە هەر هەستێکی سەیرم بوو، دەتگوت ڕووداوێکی ناخۆش بە ڕێوەیە.

تەلەڤزیۆنەکەی هەڵکرد.

– ئەوە کەناڵی ڕووداوە، بزانین چی دەڵێ؟

تەپ تەپ، دەنگی لێدانی دڵێکی شڵەژاو، ئاوڕم دایەوە، لێدانی دڵێک لەسەر شاشەکە، تەپ تەپ، دڵێکی ناکامڵ خەریکە شەڕ بۆ مانەوە دەکات. شەڕ بۆ ژیان، دڵی منداڵێکی نەمەبیو. هاتمە هۆڵەکە چاوم لە تەلەڤزیۆنەکە بڕی، منداڵێکی ساوا خەریک بوو دوا هەناسەکانی دەدا. کۆرپەیەکی ساوای لە دایک نەبوو!

باوکی کۆرپەکە بەرانبەر بە هەواڵنێرەکە بە چاوی پڕ لە گریانەوە:

– لە خەودا بووین بۆمباران کراین. هاوسەرەکەم مرد و ئەو کۆرپەی نێو سکی...

لە قوڵپەی گریانی دا.

وشەی بۆمباران بەردەوام لە گوێمدا دەزرنگایەوە.

– حەپەسابووم، واقم وڕمابوو... کێ؟ کوێ؟ کوێ بۆمباران کراوە؟

ترسێک ئالایە گیانم، دەتگوت بۆ ساتێ لە نێو ئەم ترسەدا دڵم بەند کرا. چەشنی مێژۆکە بەدەنگی منداڵێکی ترساو وەلەرزین کەوتم. دیسان دەڵێمەوە: کوێ بۆمباران کراوە؟ ها؟

مێردەکەم وەڵامم ناداتەوە، بەپەلە کەناڵەکە دەگۆڕێت.

– دەتەوێ گوێ لە گۆرانی ڕاگری؟ ڕاوەستە ئێستا حەسەن زیرەکت بۆ پەیدا دەکەم.

تف لە گەروومدا وشک بوو. چایەکانم دانا عەرزی. دڵم وەلێدان کەوت. هەناسەکانم ژانی پێوەیە. هەست بە حەپەساوی مێردەکەم دەکەم. زوو زوو کەناڵ دەگۆڕێ.

– هەر باسی بۆمبارانە، هەی بەزیاد نەبێ.

تەلەڤزیۆنەکەی کوژاندەوە.

دەنگێک دێتە گوێم قاقا پێ دەکەنێ. دەنگی هیوایە، هەرام لێ دەکات: وەرە دەستم بگرە دەچینە سەر لووتکە. بزەیەک هاتە سەر لێوم، بەڵام زوو ڕەوییەوە.

سەری هەڵێنا، چاوی لە چاوم بڕی. بێزارییەک لە ناخی گەڕابوو. بە شڵەژاوی و بەهێواشی چاوی تێ بڕیم:

– نانەکەمان بخۆین؟ کوا قەیقەناخەکە؟ دا بیهێنە.

هەوڵی دەدا لە نێو خەیاڵاتی ناخۆش بمهێنێتە دەرێ.

دەیان دەنگی جۆراوجۆر لەگەڵ دەنگی خامۆشی ترپەی دڵێک لە دالانی مێشکمدا دێت و دەچێ. چاو دەقووچێنم دیسان هیوا دێتە بەرچاوم. پێ دەکەنێ، سەر دادەخات. نامەوێ بگریم. دەڵێن گریان شوومی باش نییە. دڵخۆشی خۆم دەدەمەوە، بەڵام هێزێکی نادیار خەریکە ناخم هەڵتەکێنێ. هەست دەکەم هەر هەناسەیەکم سەد مەرگی تێدایە.

دێتەوە خەیاڵم ئەو کاتەی لەبەر پاسەکە دەست لە ملانێی یەکتر بووین فرمێسکمان هەڵدەوەران، دەستم کێشا:وەرە بڕۆینەوە.

– ناتوانم.

ئەم ناتوانم ناتوانمە هەموو جارێک دڵی دەلەرزاندم. بووبووە هۆی وەرهەمێکی پڕ ئازار لە نێو ناخمدا.

دوایی زوو درێژەی بە قسەکانی دا: دێمەوە، بەڵام بە کاتی خۆی. بەو کاتەی دوا ڕۆژ دەبێ

هی تۆبێ. دڵنیات دەکەمەوە هەم ژیان جوان دەبێ، هەم ڕووناکایی دێنمەوە.

لە بەر چاوم ون دەبێ.

- تۆ بڵێی ئەو بۆمبارانە کوێ بێ؟

- نازانم

بە کشوماتی سەر دادەخات. تەمێک بەر چاوم دەگرێ. هەڵدێم، دەست دەدەمە گووشی (١). بەپەلە ڕادەکەمە سەر تیلیگرام. دەچمە سەر گرووپی خزمەکان. ڕووناکایی دێتەوە دڵم.

- نا دیارە خەیاڵم ئاڵۆزە، هیچیان دانەناوە. بزەیەکی تاڵ لەسەر لێوم قەتیس ماوە. چاوم تێدەبڕێ. زەق زەق لێم دەڕوانێ: ئەرێ پێت چۆنە بڕۆینە ماڵی باوکت، لەگەڵ ئەوان نانی بەیانی بخۆین؟

- ماڵی باوکم؟ ئەوان ئەوە نیوەڕۆیە، هەر بە کێوماندا دەکەن.

- تینوومە، دەمم وشک بووە.

هەڵدەستێتە سەر پێ لەمن گێژتر دەستی تێکەڵاو دێ.

- دیسان گوشارت چووەتە سەرێ، قورس بخۆ قورس.

گێژومات دەچمەوە گوشییەکەم هەر بەدەستەوەیە. چاو لە شاشەکەی دەکەم. لە ناکاو وێنەیەک دێتە سەرگوشییەکەم. خەریکم دەیکەمەوە.

- نێتی ئینتەرنێت زۆر خاوە. هەی بەزیاد نەبێ.

- ئەرێ ئەم وێنە چییە لە گرووپی خزمەکان دانراوە؟

نازانم دەست بەدیوارەکەوە دەگرێ پاڵی پێوە دەدات.

ڕادەکاتە سەرم، گوشییەکەی لێ وەرگرتم. بەپەلە دەست دەدەمە پەرداخە ئاوەکە تا دوادڵۆپ دەیخۆمەوە. ئاهـ چەندە لیچق بوو. ئەو بۆنە ناخۆشەی!

- کچێ ناکا وایتێکسەکەت خواردبێ؟!

- ئۆۆۆۆ هۆشم نەبوو تەواوی وایتێکسەکەم خواردەوە دەڵێم بۆ ئاوا ناخۆش و تیژ بوو.

هاواری کرد:

- کلۆڵ، ئێستا تەواوی گەدەت دەسووتێ.

ئەو وێنە هۆشی لێ بڕیم. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە هاوار دەکەم:

- باشە ئەم وێنە چی بوو؟ پێم نیشان دە.

بێ ئەوەی وەڵامم داتەوە بە شڵەژاوییەوە:

(الو ١١٥ خانمم یک لیوان وایتکس خورده چکار کنم؟)

دەمزانی قسە دەکات، بەڵام تەواوی هۆشم بەلای ئەو وێنەیەوە بوو.

دەنگی ئیمبۆلانسم دێتە گوێ، هێڵنج دەدەم: دەمەوێ بڕشێمەوە. ژیان لە نێو هەناوم بێنمەوە دەرێ.

- کاکە ڕاکەن تەواوی گیانی سارد بووەتەوە.

- نیگەران مەبە.

- خانم خانم هۆشت هەیە؟ بەدەنگێکی کزەوە دەڵێم بەڵێ ئەو گوشییەم پێ بدەن. پەرستارەکە بەقەڵسییەوە خانم وەختی گوشی نییە، هاوکاریمان لەگەڵ بکە.

ڕێگاوبانی ئەم ژیانە پڕە لەخرکە بەردی گەورە گەورە، پڕە لە هەورازونشێو. پێم خۆشە هەر ئێستا ڕوحم لە ئاسمان هەڵفڕێ.

ببمە ساباتێ بۆ ڕوحی ئەو کۆرپە ساوایەی قوربانی ڕامیارییە و مافی ژیانی لێ سەنراوەتەوە.

زوو زوو ئەم دەرزییە دەخەنە نێودەمارەکانم، ڕەگەکانی دەستم یەک لەسەر یەک دەتەقێ.

گوشییەکەم لەسەریەک لەسەریەک زەنگ دەدا، دڵم داخورپا. شتێک بووە، فرمێسکەکانم بە سەر گۆنای سڕمدا غلۆر بوونەوە. پەرستارەکە

بەهەناسەبڕکێ:

- هەر ئەڵان دەتبەینە نەخۆشخانە. گەدەت دەبێ زوو بشۆینەوە. پێم وایە نێو گەروو و سییەکانت سووتاون.

خەریکە لە هۆش بچم. هاوار دەکەم: ئەی ئاگاتان لە هیوا نەبوو؟

- ژمارەکەیم بۆ بگرە.

مێردەکەم خەریکە ژمارە دەگرێ: (در دسترس نمی باشد).

سەیری ژنە پەرستارەکە دەکەم. سەری داخستووە، خەریکی سیرۆمەکەیە، فرمێسکی دێتە خوارێ. دەمم دەڵێیت قوفڵ کراوە. بە زۆری دەیکەمەوە: تۆ بۆ دەگری؟

- دادە گیان لە دایکم دەچی، ئەوم بیرکەوتەوە.

لەدڵمدا دەڵێم: بڵێی بە ڕاستی بێت؟ نا ڕەنگە لەبەر من وا بڵێ. ئەی داوەشێم، من بۆ ئەوندە گەمژەم! دەی بەشکم کوێر بم. نا با بمرم، بەڵام هیچ هەواڵێک نەبیسم. قەزات لەچاوم هیوا، من ئەمڕۆ دەبمە سەدەقەی سەری تۆ.

لەسەر تەختەکە ڕایانکێشام. دەروجیران تێم هاڵان. ئەیڕۆ چی بووە؟ بە ئاژیر لێدان ڕۆیشتین. چاوم لە ئاسمانی شینی شارەکە بوو. پەڵەهەورێکی سپی لەگەڵم دەڕوات، بزەی هیوا تێکەڵاوی ترپەی دڵی کۆرپەساواکە بوو. ئەو خەریک بوو لە لێدان دەکەوت. بزەی هیوا خەریکە لێم بزر دەبێ. هەست دەکەم خەریکم لە سەر پەڵەهەورەکان هەڵدەفڕم. دەستی بۆ درێژ دەکەمەوە، ناتوانم بیگرم. دێمەوە خوارێ. فرمێسکەکانم بە گۆنامدا هاتنەخوارێ. هەست دەکەم مێشکم چۆڕ چۆڕ خوێنی لێ دەتکێ. ترپەی دڵەکە هەر بەرەو نزمی دەڕوات. بێهێز، خوێن لە لەشمدا ناگەڕێ. چاوەکانی هیوا لە نێو دووکەڵێکی ڕەشدا بەرەو خامۆشی دەڕۆن. بە دەنگی گریانی دایکم چاو هەڵدێنم. بەشڵەژاوی دەستی بە ڕوومەتمدا دێنا. وێنەی سەر گوشییەکەم کردەوە. هیوا لە نێو جەغری خوێندا تەواوی لەشی لەتوپەت بووە.

**پەراوێز:**

١- گوشی: مۆبایل.